# پێشمەرگەی قارەمانی شۆڕشی ئەیلوول و سەربازی ونبووی کوردایەتی ( فازیل شەفیق ) , ماڵئاوایی یەکجاریی لێکردین

بەرەبەیانیی رۆژی 28.10.2004 , پاش ململانێیەکی سەخت و بێووچان لەگەڵ نەخۆشی (شێرپەنجەی سی) دا , به دەرد وئازارێکی زۆرەوە , لە نەخۆشخانەی ( سلۆتەرفارت ) ی شاری ئەمستەردام لە هۆڵەندا , دڵی پڕ لە خۆزگە و هیوا و ئاواتی یەکێ لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و سەربازی ونبووی رێبازی پیرۆزی کوردایەتی , کاکە ( فازیل رەشید کەریم ) , ناسراو بە ( فازیل شەفیق ) , بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت. هاوبیری بیری نەتەوەیی کوردی و پێشمەرگەی ماندووییەناسی کوردایەتی , لە 1.7.1950 دا لە نێو خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری شاری سلێمانی چاوی بە ژیاندا هەڵێناوە و تێکەڵی کاروانی پڕشکۆی پێشمەرگەیەتی و خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی بووە. کاکە فازیل لەنێو ژیانی پێشمەرگەیەتی و لە نێو هاوبیر و دۆست و هاورێیانیدا بە دڵسوزی و ئەمەگداری و رەوشتبەرزی ناسرا بوو. لە ژیانی پێشمەرگەیی و رۆژانی سەختی تێکۆشان و کوردایەتیشدا بە پێشمەرگەیەکی ئازا و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و هاوبیرێکی رەوشتبەرز و نموونەی دڵسۆزی و ئەمەگداری و کوردایەتی ناوبانگی پەیدا کردبوو. ئاوابوونی ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی کوردایەتی بووە مایەی داخ و خەم و ناسۆرێکی زۆر بۆ هەموو هاوبیران و دۆستان و هاوڕێیانی. ئێمە بەناوی هەموو هاوبیران و دۆستان و هاوڕێیانی هاوبیری نەمرمانەوە , پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی هەموو کەسوکار و هاوبیران و دۆستان و هاورێیانی کاکە فازیل دەکەین و بەڵێنی ئەمەگداری و دڵسۆزی بۆ تێکۆشان و مێژووی پڕ لە قارەمانێتی و گیانی پاك و رەوانی شادی کاکە فازیل و هەموو دڵسۆزانی رێبازی پیرۆزی کوردایەتی نوێ دەکەینەوە. شایانی باسە کە کاکە فازیل هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە لە رێگای پێشمەرگەیەتی و بەشداربوون لە نێو کۆڕی تێکۆشانی کوردایەتیدا , وەکوو پێشمەرگەیەکی ئازا و گیان لەسەردەستی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول , درێژەی بە کوردایەتی و دڵسۆزی و تێکۆشانی خۆی داوە بۆ ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان. کاکە فازیل هاوبیر و هاوسەنگەری پێشمەرگەی کوردایەتی و

قارەمانی نەتەوەیی, ( عومەر سالّح مەنسور ) بووە و هەر لەگەڵ ئەم گیانپاکە نەمرەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە نەبەردی کوردایەتیدا برینداربووە و خاکی پیرۆزی کوردستانیان بە خوێنی گەشی خۆیان نەخشاندووە. هاوبیری نەمرمان کاکە فازیل بەشداریی لە سەدان شەڕی بەرگریکارانە و نەبەرد و رووبەڕووبوونەوەی سەخت و خوێناویدا , دژ بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان , کردووە. هاوبیری نەمرمان یەکێ بووە لە پێشمەرگە چالاك و دڵسۆز و ئازاکانی هێزی ( زمناکۆ ) و ( خەبات ) و لە شۆڕشی نوێی دوای هەرەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بووە و ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ هاوڕێ ( ئارام – شاسوار جەلال ) ی نەمردا پێشمەرگە و هاوسەنگەری کۆڕی خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی بووە. لە شۆڕشی نوێشدا هەر نموونەی پێشمەرگەی قارەمان و سەربازی ونبووی کوردایەتی بووە. مەخابن جگە لە هاوبیر و هاوڕێ و دۆستە دڵسۆزەکانی خۆی نەبێت , هیچ کەس و لایەنێکی رامیاری و رۆشنبیریی کوردی و کوردستانی , بۆ تەنها جارێکیش ئەم پێشمەرگە دڵسۆز و قارەمانەی هەردوو شۆڕشەکەی کورد و کوردستانیان بەسەر نەکردەوە و لایەنێکی رامیاریی کوردی بۆ تەنها جارێکیش لەم 5 مانگی پڕ لە دەرد و ئازار و سەختی و ناخۆشییەدا سەردانیان نەکرد و لێیان نەپرسییەوە. ئێمە دووبارە پرسە و سەرەخۆشی کۆچی دوایی هاوبیری نەمرمان ئاڕاستەی هەموو جەماوەری کوردستان و دڵسۆزانی کوردایەتی و تێکۆشەرانی ڕاستینەی ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی دەکەینەوە.

هەزاران چەپکە گوڵی ڕێز و ئەمەگ بۆسەر گڵکۆی پیرۆزی کاکە فازیلی نەمر.

ڕەوانی پاکیان هەر شاد و ئاسوودە بێت.

## هاوبیرانی ( پاسۆك )

29.10.2004